# الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# فیدراسیۆن لەسەر کیشەی پەنابەرانی کورد لەگەڵ بالۆیزخانەی سوید کۆبووە

دۆینی 2007–5–1 (دەشتی جەمال)بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و (ئاسۆ گۆران)ئەندامی سکرتارێتی فیدراسیۆن لە بالۆیزخانەی سویدی لە لەندەن چاویان کەوت بە بەریز (Louise Bonbeck) بەمەبەستی گفتۆگۆکردن لەسەر  بریارێك کە دادگای باڵای کۆچی سویدی رۆژی 26–2 داویتی بە درێژەنەکردنەوەی ئیقامەت بۆ زیاتر 1400 پەنابەری کوردی عیراقی وگیرانەوەی پەنابەرانی کورد بۆ کوردستان .

لەم کۆبوونەوەیەدا بەدریژی لەسەر ئەوزاعی سیاسی  عێراق بەگشتی و  کوردستان بەتایبەتی قسەو باسکرا ،ئاماژەدرا بە کەیسی پەنابەرانی کورد و بەکێشەکانیان بەتایبەتی ئەو خێزان و منداڵانەی کە ماوەیەی زیاتر لە سیٚ ساڵە لەسوید ژیان بەسەردەبەن ژیانیان دامەزراندوەو منداڵەکانیان سویدی فیربوون وە تاسیری سلبی بریارێکی وا بۆ سەر ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کوردی سوید ،داواکرا دادگای سویدی بەو بریارەدا بچیتەوە وە ئیقامەی دائیم ببەخشیٚ بە و 1400 پەنابەرە کوردە و بریاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران هەڵوەشیتەوە ،هاوکات نامەی دەشتی جەمال بەسویدی بۆ سەرۆك وەزیران تەسلیم کرا وداواکرا ئەو نامەیە بگەیەنە سەرۆك وەزیرانی سویدی و هەروەها  پەرلەمانی سویدی کەبریارە رۆژی 9–5 لەسەر ئەم دۆسیەیە کۆبیتەوە.



نۆینەری بالۆیزاخانەی سویدی رای گەیاند کە چەند رۆژ بەر لەکۆبوونەوەکە پەیوەندی بە ناوەندەکانی بریارە دەرەوە کردەوە ،حکومەتی سویدی هیچ دەورێکی نی یە لەم بریارە بەڵکو ئەمە بریاری دائیری کۆچ و دادگایە ئەو پەنابەرانە دەتوانن( ئەپێل )بکەنەوە واتە داوا بکەن چاو بەکەیسەکانیان بخشینەوە جارێکی تر ..،حکومەتی سویدی سورە لەسەر کارکردن بە بریارەکانی کۆنفیدراسیۆنی جنیڤی 1951 وە لەسەر ئەو بنەمایە کەیس بەکەیس مامەلەی لەگەڵ دەکات.

پاشان نۆینەرانی فیدراسیۆن رایان گەیاند کەیسی پەنابەرانی عیراقی کەیسێکی تایبەتە،کەیسی  وولاتێکی داگیرکراو کە هیچ ئەمنیت ودەسەلاتێکی جیگیری ونەزم و یاسایەکی تیدا نی یە پێویستە بە بریارێکی تایبەت تەواوی پەنابەران قبول بکرێن وە بەتایبەتی پەنابەرانی کورد لەسوید ئیقامەیان بۆ دائیمی بکرێتەوە وبریاری بەزۆر ناردنەوە هەڵوەشێتەوە ..،وە داواکرا پەیامی  نارەزایەتی فیدراسیۆن بگەیەننە حکومەتی سویدی کە حکومەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بریارە دەور ببینی لەحالەتی ئەنجامدانی ئەم بریارە ئەوا فیدراسیۆن ناچارە ریگای تر بگرێتە بەر ، شکایەت لە حکومەتی سویدی بکات لە دادگای پەرلەمانی ئەوروپا  دژ بەم بریارە کە پیچەوانەیە بە مافەکانی ئینسان و یاساکانی نیو دەولەتی لەبارەی ماف پەنابەریەوە ، ولەتەواوی وولاتە ئەوروپی یەکان خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازو و ئینسان دۆست و رێکخراوە پەنابەری یەکان ویەکیتی کریکاری .. بباتە بەردەم بالۆیزخانەکانی سوید .

نۆێنەری  بالۆیزخانەی سویدی بەڵینی دا ئەم پەیامانە هەر ئەمرۆ لەگەل نامەی بەرپرسی فیدراسیۆن و چەند بەڵگە نامەی تر لەسەر پێشیلکاری ماف مرۆڤ لەکوردستان رەوانەی بەریز (**Fredrik Reinfeldt**) سەرۆك وەزیرانی سوید وپەرلەمانی سویدی بکات .

هاوکات لەنزیکترین فرسەتدا وەڵام بەداخوازیەکانی و نامەکانی فیدراسیۆن دەدرێتەوە.

لەکۆتایدا چەند هەواڵ نامەی فیدراسیۆن وراگەیاندنی خۆپیشاندانەکانی یۆتۆبۆری و ستۆکۆلم لەلایەن هەڵسوراوانی فیدراسیۆن ،هەواڵی چالاکی یەکانی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق درا بەنۆینەری بالۆیزخانەی سوید.

**سکرتاریتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-5-2

---

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, d.jamal@ntlworld.com,**

**Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

**www.csdiraq.com**